باوەڕم هەیە **بە خودا**،
که باوکی هەرەبەتوانا و
دروستکەری ئاسمان و زەوییە.
باوەڕم هەیە **بە عیسای مەسیح**،
که ڕۆڵە تاقانەکەیەتی و پەروەردگارمانە،
ئەوەی لە ڕۆحی پیرۆزەوە و لە مریەمی پاکیزە لەدایک بوو،
لە ژێر دەسەڵاتی پیلاتۆسی پونتی ئازاری چەشت، لەخاچ درا،
گیانی سپارد و دواتر نێژرا؛
لە رۆژی سێیەم لەنێو مردووواندا هەستایەوە؛
ئینجا بۆ ئاسمان بەرزبووەوە و لە دەستەڕاستی باوک
دانیشت و
لە ڕۆژی دواییدا دێتەوە تاکو حوکم بەسەر زیندووان و
مردووواندا بدات.
هەروەها باوەڕم هەیە **بە ڕۆحی پیرۆز**،
کڵێسای پیرۆزی جیهانی،
ژیانی هاوبەشی باوەڕداران،
لێخۆشبوونی گوناە،
زیندووبوونەوەی جەستە و
ژیانی هەتاهەتایی.
ئامین.